بە زەرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا مورتەزا ئیبراهیمی پارێزگاری زیقار دوورخرایەوە

ئەنجومەنی پارێزگای زیقار ئەمڕۆ سێشەممە کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا و بە زەرینەی دەنگ بڕیاریدا بەوەرگرتنەوەی متمانە لە مورتەزا ئیبراهیمی پارێزگار.

ئەحمەد سەلیم، وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای زیقار ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ پارێزگاری زیقار ئامادەی دانیشتنی لێپرسینەوەکە بو، هەروەها چەند پرسیارێکی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە لێکرا، بەهۆی ئەوەی وەڵامەکان بەپێی ویستی ئەندامان نەبون، بڕیارێك لەلایەن سەرکایەتی ئەنجومەنەوە دەرکرا بە ئامادەکردنی دانیشتنی تایبەت بە وەرگرتنەوەی متمانە لە پارێزگار".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەنگدان و لێپرسینەوە زۆر دروستە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام دەنگدان بە دورخستنەوە، وەك لیژنەیەکی یاسایی، بە نادروست تەماشای دەکەین، بەو پێیەی ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگا بڕیار بو لە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ دانیشتنەکە ئەنجام بدەین، کاتژمێر 12:00ی پاشنیوەڕۆ پارێزگار لەپێستەکەی دورخرایەوە و ئەمەش پێشێلکردنی ڕاسا ناوخێییەکانە".

مورتەزا ئیبراهیمی بە مەبەستی لێپرسینەوە لەبارەی چەند پرسکەوە بانگهێشتی ئەنجومەنی پارێزگا کرابو، بەهۆی ئەوەی وەڵامەکانی باوەڕپێهێنەر نەبون متمانەیان لێوەرگرتەوە، ئەو پارێزگارە بەهۆی تێوەگلانی لە چەند دەسیەیەکی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و نەبونی هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بیاری دورخستنەوەی درا.